# ئۆچا عێراق/ هەواڵی تازەی حەوێجە ژمارە ٢

بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ حەوێجە

٢٩ی ئەیلولی ٢٠١٧

## تێڕوانینێك بۆ بارودۆخەكە

قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ گەڕاندنەوەی حەوێجە بۆ ژێر كۆنترۆڵی حكومەتی عێراق لە ڕۆژی ٢٨ی ئەیلول دەستی پێكرد كاتێك هێزەكانی ئاسایشی عێراقی چونە ژوورەوە بۆ ناو حەوێجە. لەو كاتەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە حەوێجە پێ دەنێتە ڕۆژی دەیەم، زیاتر لە ٧,٠٠٠ كەس پێش وەختە ئاوارەبوون.




The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations
Creation date: 21 Sept 2017. Sources: Boundaries - CODs 2015, Camps - CCCM. Feedback: info@humanitarianresponse.info, Frontline: INSO. iraqinfo@un.org.

## زیانی مرۆیی وبەهاناوەچوون

ئامادەكاریەكان لەوانە خەزنكردنەكانی كەل وپەل وپەناگە لە شوێنە تەنگەتاویەكان وخێوەتگەكان ئامادەن بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئاوارەبوونی زیاتر، هەرچەندە ژمارەی تەواوی ئەو هاووڵاتیانەی كە لە ناو حەوێجە دەمێننەوە نازاندرێت، بەڵام خەملاندنەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە ژمارەكان لەوانەیە زۆر بن تا ٧٨,٠٠٠ كەس.

زۆربەی خەڵكی دەستیان ناگات بە ئۆتۆمبێل وبە پیادە بۆ ماوەی ١٢ كاتژمێر دەڕۆن بۆ گەیشتن بە خاڵەكانی كۆبوونەوەی ئاوارەكان وئەو كەسانەی كە لە قوڵایی ناو قەزای حەوێجە دێن دەبێ بە مەلەكردن یان پەڕینەوە لە ڕوباری زاب لە گەشتەكەیان بۆ گەیشتن بە شوێنێكی سەلامەت. ئەو كەسانەی كە دەگەنە خاڵەكانی كۆبوونەوەی ئاوارەكان لە بارودۆخێكی لاوازدان، پێویستیان بە هاوكاری بەپەلەیە. هاوكارانی مرۆیی ئامادەن بۆ دابین كردنی خۆراك وئاو وكەل وپەلە ناخۆراكیەكان چاودێری پزیشكی بۆ ئاوارە تازەكان. هەروەها خزمەتگوزاریەكانی پاراستنی تایبەت بەرجەستەن وپاراستنی هاووڵاتیان بریتی یە لە نیگەرانیەكی گەورە. نووسینگەی ئۆچا بۆ هەماهەنگی كاروباری مرۆیی بەردەوام دەبێت لە چاودێری كردنی بارودۆخەكەی ناو حەوێجە.

بۆ پرسیاركردن: تكایە پەیوەندی بكەن بە ئۆرلا فەیگن، سەرۆكی پەیوەندیەكان وڕاپۆرتكردن، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، fagano@un.org

Disclaimer: This document is subject to availability of data at the time of circulation. The context is evolving and the above information is subject to constant change.